# له سێداره‌دانی عه‌لی له هه‌ڵه‌بجه ...
# هه‌نگاوێك بۆ قوڵبوونه‌وه‌ی ناكۆكی كورد و سونه ...
# دووباره‌ كردنه‌وه‌ی هه‌ڵه‌یه‌ك كه‌ به‌سه‌ر شیعه‌دا تێپه‌ڕی

***گه‌رمیان حه‌مه‌خان***

Garmyan_86@yahoo.com



پاش سێ ده‌یه‌ له‌ حكومڕانیه‌كی پڕسته‌م و خوێناوی له‌ ده‌سه‌ڵاتی به‌عس، ئه‌وه‌ی كه‌ ڕۆژێك به‌ خه‌یاڵی خۆی و هیچ كه‌سێكدا گوزه‌ری نه‌ده‌كرد لوتكه‌ی ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ خوێنڕێژه‌ (صه‌ددام)ی دیكتاتۆر له‌ گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك له‌ هاوتاوانه‌كانی پاش هه‌ره‌سی هه‌ره‌می ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یان باجی هه‌موو تاوانه‌كانیان داو، چونه‌ حزووری سێداره‌، ئه‌ویش بێباكانه‌ و عادیلانه‌ سزاو كاری خۆی ڕاپه‌ڕاند، به‌ڵام شێوازی ئه‌و سزایه‌ كه‌ مشتوومڕی له‌ نێوخۆی عێراق و دنیاشدا دروست كرد، ئه‌وه‌ بوو كه‌ عه‌ره‌بی شیعه‌ مه‌زهه‌ب وه‌كو تۆڵه‌ سزاكه‌یان جێ به‌جێ كرد، ئه‌م حه‌ماقه‌ته‌ش عه‌ره‌بی سوونه‌ مه‌زهه‌ب و كۆنه‌ به‌عسی و ئه‌وانه‌ی كه‌ ئێستا ناوی مقاومه‌یان له‌ خۆیان ناوه‌ و ده‌ره‌وه‌ی خۆشیان به‌ تیرۆریست ناویان ده‌به‌ن هێنده‌ی تر ڕق ئه‌ستوور كرد به‌رامبه‌ر به‌ شیعه‌كان، دواجار ئه‌مه‌ش هه‌ر وا به‌ئاسانی به‌سه‌ر شیعه‌دا نه‌ڕۆشت و ، باجی ئه‌و هه‌ڵه‌ی خۆیاندا، ئه‌ویش به‌ ته‌قاندنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌موو حسه‌ینییه‌و كوشتن و بریندار‌بوونی هه‌زاران كه‌س له‌ شیعه‌ له‌ لایه‌ن سونه‌كانه‌وه‌.

به‌هه‌ر حاڵ ئه‌وه‌ هه‌ڵه‌یه‌ك بوو كه‌ به‌سه‌ر عه‌ره‌بیی شیعه‌ مه‌زهه‌بدا تێپه‌ڕی، ئێستاش ئامۆزاو هاوكارو پیشه‌و تاوانی (صه‌ددام) كه‌ له‌ نێو كورددا به‌ (عه‌لی كیمیایی) ناسراوه‌، له‌ دوا ساته‌كانی ژیانیدا چاو له‌ ڕێیه‌ و سازو ئاماده‌ی ڕۆڵ بینینه‌ له‌و سیناریۆی كه‌ كوڕه‌ مامه‌كه‌ی به‌ته‌ڵ فلمی بوو .

ئێستاش كه‌ واده‌ی جێبه‌جێ كردنی سزای له‌ سێداره‌دانی سێی تر له‌ تاوانبارنی حزبی به‌عسی له‌ ناوچوو ته‌واو نزیك بووه‌ته‌وه‌، له‌ نێویشیاندا گه‌وره‌ خوێنڕێژ (عه‌لی كیمیایی)، (مالیكی) داوا له‌ (تاڵه‌بانی) و (بارزانی) ده‌كات له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ په‌ته‌كه‌ی عه‌لی ئاماده‌كه‌ن، خه‌ڵكی داخ له‌ دڵی سته‌مدیده‌و قوربانیده‌ری خۆشمان هه‌مان داوایان هه‌یه‌و ته‌نها به‌ له‌ سێداره‌دانی كیمیایی له‌ نێو هه‌ڵه‌بجه‌ی مه‌ڵبه‌ندی كیمیا باران كراودا ئاسووده‌ ده‌بن، له‌ هه‌مان كاتیشدا هه‌ر له‌ نێو شاری هه‌ڵه‌بجه‌ی كیمیا باران كراودا ده‌نگی ناڕه‌زایی له‌ سێداره‌دانی عه‌لی له‌ شاره‌كه‌یان به‌رز بووته‌وه‌، هه‌ر وه‌ك له‌ نێو نووسه‌ران و ڕووناكبیران و سیاسه‌تمه‌دارانیشماندا له‌ هه‌مبه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌ ئارائی جودا هه‌یه‌، خه‌ڵكی قوربانیده‌ری كوردستان (مه‌به‌ستم ئه‌وانه‌ی كه‌ كه‌سی نزیكیان قوربانییه‌) به‌ دڵنیاییه‌وه‌ مه‌به‌ستیان له‌ داواكردنی جێبه‌جێ كردنی حوكمه‌كه‌ له‌ هه‌ڵبجه‌ شێوازێكه‌ له‌ تۆڵه‌ی ئه‌و هه‌موو قوربانیه‌ی كه‌ بوونه‌ نێچیری كیمیایی، ئه‌مه‌ش دواجار زۆر خراپ به‌سه‌ر كوردا ده‌شكێته‌وه‌، كوردیش وه‌كو گه‌لێكی خوێن ڕێژو مه‌ترسیدار له‌ جیهاندا دێته‌ هه‌ژمار، واته‌ هه‌ر به‌و چاوه‌ ته‌ماشا ده‌كرێت كه‌ شیعه‌ی عێراقی پێ بینرا، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ ده‌بێته‌ هۆی قوڵتر كردنه‌وه‌ی دوژمنایه‌تی و ناكۆكی نێوان كورد و سوننه‌ كه‌ پێشتر به‌ هۆی ئیمزا نه‌كردنی (مام جه‌لال)ه‌وه‌ سه‌یاره‌ت به‌ له‌ په‌ت هه‌ڵواسینی صه‌ددام باش تر بوو، بگره‌ له‌و ده‌مه‌دا به‌ چاوی دۆستایه‌تییه‌وه‌ له‌ كوردیان ده‌ڕوانی، ئاشكراشه‌ كه‌ ئه‌و داوایه‌ی مالیكیش له‌به‌ر سۆز و دلۆڤانی جه‌نابی نییه‌ بۆ كورد، ئه‌وه‌نده‌ی كه‌ مه‌به‌ستی چه‌واشه‌ كردنی كورده‌ بۆ دووباره‌ كردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌ڵه‌ گه‌وره‌ی كه‌ جه‌نابی له‌ هه‌ڵواسینی صه‌ددامدا باجه‌كه‌ی دا.

بۆیه‌ ده‌بێت سه‌ركردایه‌تی سیاسی كورد ئاقڵانه‌ و له‌ سه‌رخۆو سه‌ربه‌خۆ بڕیار له‌ مه‌سه‌له‌كه‌ بده‌ن و به‌ ڕۆحیه‌تی تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌وه‌ له‌ مه‌سه‌له‌كه‌ نه‌ڕوانن.